عێراق هۆشداری دەدات لە هەوڵی راکێشانی هاوڵاتیانی خۆی لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا

ئەمڕۆ هەینی باڵیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ هۆشداری دا لە هەوڵەکانی ڕاکێشانی عێراقییەکان بۆ بەشداریکردن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا.

باڵیۆزخانەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە: "باڵیۆزخانەی کۆماری عێراق لە مۆسکۆ دەیەوێت بۆ ڕەوەندی عێراقی نیشتەجێبوو لە فیدراسیۆنی ڕووسیا ڕوون بکاتەوە، کە ئەوەی لە هەندێک ماڵپەڕو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراوەتەوە لەلایەن کەسێکەوە کە بە درۆ بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی ڕەوەندی عێراقی لە ڕووسیا دەکات، بانگەشەیەکی درۆیە و هیچ بنەمایەکی نییە".

باڵیۆزخانەکە جەختی کردەوە، کە "قەت هیچ ڤیزایەک دەرناکات کە پەیوەندی بەم بانگەشە چەواشەکارانەوە هەبێت، و تاکە لایەنی دەسەڵاتدار بۆ دەرکردنی ڤیزا بۆ خاکی ڕووسیا تەنها باڵیۆزخانەی فیدراسیۆنی ڕووسیایە لە بەغداد و کونسوڵخانەکانی لە هەولێر و بەسرە".

ڕاگەیەندراوەکە زیاتر وتی، کە "باڵیۆزخانەکە دووبارە جەخت لەسەر هەڵوێستی نەگۆڕی عێراق دەکاتەوە لە بێلایەنی بەرامبەر قەیرانی ڕووسیا-ئۆکرانیا، و بانگەوازە هەمیشەییەکەی بۆ پەسەندکردنی چارەسەری ئاشتییانە و کۆتاییهێنان بە ململانێ لە ڕێگەی گفتوگۆوە".

زیاتر وتی: "لەم چوارچێوەیەدا، باڵیۆزخانەکە ڕەوەندی عێراقی ئاگادار دەکاتەوە لە نەبوونی هیچ نوێنەرێکی فەرمی دەسەڵاتدار بۆ ڕەوەندی عێراقی لە فیدراسیۆنی ڕووسیا، نە لە لایەنی عێراقییەوە و نە لە لایەنی ڕووسییەوە، و هۆشداری دەدات لە فریودانی لەلایەن ئەم جۆرە بانگەشانەوە یان مامەڵەکردن لەگەڵیان"، و هۆشداری دەدات "لە هەوڵەکانی ڕاکێشان یان تێوەگلاندنی هەندێک عێراقی نیشتەجێبوو لە ڕووسیا یان دەرەوەی بە بیانووی جیاواز بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکەدا".

جەختی لە "ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە کردەوەکانە" کردەوە، و داوای لە ڕەوەندەکە کرد "ئاگاداری و وریایی بن و بەدوای ئەم شێوازە چەواشەکارانەدا نەچن".

جەختی لە "پاراستنی مافی خۆی لە وەڵامدانەوە لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسی و یاساییە تایبەتمەندەکانەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی عێراق و هاوڵاتیانی" کردەوە